


عەبدولڕەزاق بیمار

# ئەسپی والی

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر گۆڤاری (بەیان)م چەنگ کەوت، کە شیعرەکەتم خوێندەوە (ئەسپی والی) خۆم پێ نەگیرا، هەتا بۆ جاری دووەم و سێیەمیش خوێندمەوە. خوێندنەوەی بردمیە جیهانێک، کە جیهانی منە، لەبەر ئەوە بەبێ دەستی خۆم بڕیارم دا ئەم چەند دێڕەت بۆ بنووسم لە بری پیرۆزبایی، ئەگەرچی ناتوانم بە هۆیانەوە ئەوەی لە هەست و دەروونمە دەربیببڕم. ئەم هەموو ناخ هەڵچوونەی شیعرەکە بۆی پەیدا کردووم لە چوارچێوەی ئەم دێڕانەدا بیخەمە ڕوو. تەنیا ئەوەی زۆر دڵی خۆش کردم، بڕوایەک بوو، کە تۆ لە مەیدانی خۆتدا سستی نانوێنی و دواناکەویت، نەک دواناکەویت بەشکەم ناوەستی و بۆ پێشەوەش دەچیت. ئەم شیعرەت ئەو بڕواییەمی پتەوکرد و چەسپاندی و پتر ڕوونیکردەوە. لەبەر ئەوە حەقی ئەوەم دایە خۆم، کە بەمجۆرە پیرۆزباییت لێ بکەم.

هێشتا شتی ئا لەم بابەتەت لێ چاوەنوارِ بکەم، چونکە ئەمە پێویستی سەرشانمانە لەو مەیدانەدا تەکان بدەین و لە ڕیزەکانی باری بەربەرەکانێ و ململانێ خەبات بکەین بە هیوای گۆڕینی باری ئەدەبەکەمان و هێنانەوەی بۆ سەر ڕێگا ڕاستەقینەکەی خۆی.

لە بری پاڵە پەستانێ و کەڵەکەکردن، بۆ ئەوەی پێمان لە جێگایەک گیر بکەین لەبەر دەرگای (تەویلەکە).

زۆرم پێ سەیرە، کە ڕیشاڵی لووتمان ئاڵۆز بووە، جیاوازی نەکەین لە ناوێن بۆنی تەرس

و گەنی و بۆنی گوڵ و ڕۆژ و ژیانی ڕاست.

هەر چۆنێ بێ دڵنیام: ڕۆژان و زەبروزەنگیان لووتمان هەر ڕاست دەکەنەوە.

محەمەد مەولوود مەم

١٩٦٩/١٢/٢٤هەولێر

(١)

**شێخی گەورە کەوتە پەلە،**
**مجێوور و کەوشچن و پیرەمێردی**
**مزگەوتەکەی بە دوایەوە،**
**– لچکی کەوای هەڵنایەوە –**
**ملی نا بۆ پلەی تەنگی منارەکە**
**پلە**
**پلە**
**پشووی هەڵما، هەر ملی نا و نەبڕایەوە**
**تا لە سەرووی منارەوە**
**بانگدێری ناردە خوارەوە**
**کەوتە بۆڕەی شین و هاوار**
**ستایش و وتەی بەکار**
**کە ئایاتی جوان دەخوێنێ:**
**(هەزار ڕەحمەت دەبارێنێ)**

***

**گۆڕەپانی بەردەم ماڵی**
**شکۆداری گەورەی والی**
**لێواو لێوی ئازیزانە**
**جێگای ڕەزمی سوارچاکانە.**
**لە هەر لایێ:**
**کەڵەک**
**کەڵەک**

فەقیانە شۆڕ وەستاون، وەک
چاوەنۆڕی فەرمانی زل
سەرکزۆڵ و تێکشکاو مل.
بۆریە ژەن و دەهۆڵ بەشان
گەرمن ئەمڕۆ.
دەناڵێنن:
بە ئاوازی پیرە شەیتان.
دەقیژێنن:
بە هاواری بنی گیرفان
دەجۆشێنن:
غەڵبە و شیوەن و ڕەنگی مەیدان
(هەی شیوەن و هەی باوکەڕۆ
هەی مردووی ناز، ڕەحمەت بۆ تۆ)
***
وەزیری ڕاست
وەزیری چەپ
دەفتەردار و خەزێنەدار
لەگەڵ دەستەی نووسەراندا
بە ناو خەڵکی چاوەڕواندا
ڕێیان بڕی
ڕایان خوڕی:
دە ڕابگرن ویقە و زیقان و تەپە تەپ.
***
لەم کاتەدا، پاشای والی هاتە تەلار.
هات بە چاوی بەخەوەوە،
بەجل و بەرگی شەوەوە
چاوی شێتی تێک هەڵسووڕاند
بەخەندە، گاهـ بە واق وڕمان

نەڕاندی و بۆماڵەوە چوو
وشەکانی – ئەگەرچی کەس گوێی لێ نەبوو –
بەمانای باش لێدرایەوە
ماناکەش دەنگی دایەوە.

***

کێ پیرۆز و زۆر گەورەیە
شوێنی بەردەم (تەویلە)یە
بەختیارە و خۆی هەڵدەدا
تا دانەبڕێ لە دەرفەتدا.
هاتن
خەڵکی نیشان بەشان،
ورگ زل و فەقیانە شۆڕ،
سەرو مشکی تولینەی نان
هێنایانە دەرێ لاشەی – جوانە مەرگ –
ئەسپی والی
دەست نەدەکەوت
سینگی
یاڵی
ملی
قاچ و قوول و باڵی.

(٢)

بەڵام والی بۆ خۆی کە مرد
کەس نەیزانی بۆ کوێیان برد.

١٩٦٦بەغدا

سەرچاوە:

لە گۆڤاری بەیان، ژمارە (١)، تشرینی دووەمی ١٩٦٩، بەغدا، ل: ٢٨ تا ٢٩ گواستراوەتەوە.